کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-11-2007 1:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەپەراوێزی کۆنگرەی دووەمی چاک دا،  درێژەدان بە شۆرشگێری و مەیدانی بونی لەچالاکیدا، زامنی دەستکەوتی گەورە ترە بۆ بنەماڵەی قوربانیان. ... قادر نادر**

چاک وەک یەکێک لە ریکخراوە هەرە دەگمەنەکانی کورد لە تەمەنی نزیک بە 6 سالی خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیدا لەهەندەران و نیشتماندا، توانی بەکارو چالاکی و بوێری لە هەلوێستەکانیا ببێتە ئاکتیڤترین ریکخراوی کوردی، دیارە ئەمەش دەرەنجامی شەونخونی دەیان و سەدان ئەندامی بووە لەتەک خۆدانی لە قولەی قافا.



ئەم ریکخراوە شۆرشگێرە لە تەمەنی کارکردنی خۆیدا، ناتوانرێت بەیەک ئاست هەلبسەنگێنرێت، بۆیە لە قۆناخی خەباتیدا هەورازو نشێوی بریوە بەتایبەتی لەسەرەتاکانی خەباتی ڕێکخراوەیدا لەخۆپیشاندان و کاری مەیدانیدا زۆر هەژار بووە، وە زۆرینەی کارو چالاکیەکانی لە هۆلەندا چربووە، بەلام ئەم ریکخراوە رۆژ لەدوای رۆژ لەگەشەسەندن دابووە، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی یەکەم توانیویەتی لە چەندین ولاتا لەیەک کات خۆپیشاندان ئەنجام بدات و خۆی لە ترسناکترین روداو و هەلوێستی سیاسی بێ سڵەمینەوە بدات..

بەداخەوە هەر لەناو کۆنگرەی یەکەما ئەم ڕێکخراوە کێشەی تێکەوت، کە ئەم کێشانە درێژەی کێشا، بەتایبەتی دوای هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێ و ئاکتیڤ، ئەمەش وای کرد بەشێک لەو ئەندامانەی کە مێژویەکی کۆنیان هەبوو رۆژ لەدوای رۆژ بکەونە پەراوێزەوە و هەست بە بچوک بونەوەی خۆیان بکەن، بۆیە رۆژانە وەک ئێستا کێشەکانیان قولتر دەکردەوە. بۆیە بەشی زۆری ئەندامان و دەستەی بەرێوبەر بریاری بەستنی کۆنگرەی نا ئاسایمان دا، وەک هەر رێکخراوەک کە روبەروی کێشە دەبێتەوە، تاچارەسەری ریشەیی بۆ بکات، لە گۆرینی شوێن پێێ ئەندامان و دەوڵەمەند کردنی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ، چونکە بەرنامەی کۆنگرەی یەکەمی زۆر کرچ وکال و لەئاستی ناوەندێکی بەرفراوان و ئاکتیڤی وەک ناوەندی چاک نەبوو.

ئەمە جگە لەوەی لە 18 ئەندامی دەستەی بەرێوبەری 6 ئەندامی بە هۆکاری جیاجیا ئێستا لە نێو چاکدا نماون، کە کۆنگرە باشترین شوێنە بۆ پرکردنەوەی ئەو شوێنانە، ئەگەرچی ئەو هاورییانەمان لەدوای کۆنگرەی یەکەمەوە زۆرترین رەخنەیان دەگرت وکەمترین کاریشیان دەکرد، جێگاکانیشیان تەنیا بەناو هەبوو، ئیتر لە خۆ سر کردن تا دەستلەکارکێشانەوە هەنگاویان هەلگرت، هەر ئەمەشە وای کردوە بەدورکەوتنەوەشیان لەناومانە نەک هەست بەبۆشایەک بکرێت، بەلکو کارو چالاکیەکان باشتر و سەرکەوتوانە تر بەرێوە بروات، باشترین نمونەش تەنیا لەم 2 مانگەدا، خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی دژ بە تۆپبارانی ئێران لە 5 ولاتا و دژ بەهەرەشەکانی تورکیا لە 15 شاری ئەورپاو کوردستانا لەگەل پارت و لایەنەکوردستانیەکاندا

، سکالا نوسین لەسەر سەرۆکایەتی کۆمارا و لەدەرگا دانی پارت و ڕێکخراوە ئەورپیەکان بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆسایدا...

بۆیە کۆنگرەی ئەم جارە سەرباری ئەوەی ئەم شوێنانە پر دەکاتەوە بەو ئەندامانەی کە لە 18 مانگی رابردودا وەک سەرکردەیەکی مەیدانی سەکەوتوانە کارو چالاکیەکانیان ئەنجامدا کەلە بری بۆڵە بۆڵ کرد ن دەستکەوتی گرنگیان بۆ بنەماڵەی قوربانیان بەدەست هێنا، ئەمانەش بووە هۆکاری بەرەوپێش بردنی چاک، کە بەرای بەندە ئێمە لەماوەی کارکردنمان ئەزمونێکمان وەرگرت و ئەوەی چاکی کرد بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەیەکی گرنگ لە هاوکێشەی سیاسی ئیمڕۆی کوردستان وکاریگەریشی هەبێت بەسەر هەندێ بڕیار ی سیاسیدا 2 خالی سەرەکی بووە

1/ شۆڕشگێر لە هەڵوێست دەربرینا لەبەرامبەر روداوەسیاسیەکاندا.

2/ پراکتیزەکردنی دروشم و تیۆرەکانی بە کارو چالاکی مەیدانیدا. چونکە لە نێو نیشتمان و هەندەراندا سەدان و هەزاران ڕێکخراوی بە ژمارەی ئەندام، کۆبونەوەی زۆر، وشەبریقەدار فرۆش، بونی بودجەی خەیالی لەبەردەستیان... کەچی بە ئاستی چاک سەنگ و ڕێز و کاریگەریان نیە، بۆیە ئیمڕۆ بۆ چاک رەوتی شۆڕشگێڕی لەهەڵوێستا و چونە سەرشەقامی وەک 2 باڵێتی ئەگەر یەکێکێشیان نەمێنێت ئەوا ناتوانێت بەو شێوەیەی ئێستا بەسەر روداوە سیاسیەکانا بفڕێت، چونکە ئیمڕۆ خەڵک بەدوای ڕیکخراوو پارتێکە کە لەبڕی فرۆشتنی دروشمی بریقەدار، دەستکەوتی سیاسی و جەماوەری وەک چاک بۆ بەدەست بێنێت، بۆ ئەوەی باوەڕی بە رەوتی خەباتی سیاسی پەیدا بکاتەوە، کەلەم بارەوە ناوەندی چاک یەکێک لەو هیوا دەگمەنانەیە لە نێو دەریایەک لە بێ ئومێدیدا دەژیت.

سەرباری هەموو ئەمانە چاک لە 18 مانگی رابردودا بە هیچ شێوەیەک نە چووە ئاستی ململانێی هەرزەکارانەی سیاسی ئەگەرچی ماوە ماوە هێرش و رەخنانەی ناسیاسیانەی ڕوبەرو دەبێتەوە، کەلە گەل هەر هەلوێستێکی بوێرانەیدا چەندین چیرۆکی بۆ هەلدەبەسترێت، وەک لە پەروەندی د کەمالی سەید قادر پێیان ووتین دەزگای زانیارین، وە کەمتر لە 2مانگ دواتر بوینە پاراستن و پارتی، کاتێک یەکێتی تەقەی لە خۆپیشاندەران لەهەلەبجەدا کرد، وەلەگەل داکۆکیکردنمان لە جولانەوەی شۆڕسگێری باکور بوین بە پکک، لەسەر نارەزایەتیەکانمان بەرامبەر پەروەندی فرۆشتنی 18 کچی گەرمیان بۆولاتی میسر، لە لایەن بەشێک لە هەلگرانی بیروباوەڕی مەنسوڕی حکمەت بووین راسیست، ئێشتاش6 ئەندامی سەرپەرشتیار لەگەل 8 ئەندامدا کەلێمان دورکەوتونەتەوە، تا ئێستا 4 بەقەبارەی ژمارەی خۆیان بابەت و بەیانامە و تۆمەتی نادروستیان داوەتە پاڵمان... کە چی چاک بێگوێدانە سەرجەم ئەم تۆمەت وفشارانە درێژەی بەو ڕێرەوە سەرکەوتوەی خۆیداوە، کە چالاکی و هەلوێستەکانی ئایندەی، باشترین وەڵام و پێوەرە بۆ رسواکردنی ئەو دەنگانە. وە زۆر بەشیوازێکی شارستانیانەش مامەلەی لەگەل ئەو دەنگانە کردوە.

ئەمەش مانای ئەوە ناگایەنێت کە چاک بێدەنگ بووە و دەبێت لە ئاست هەموو رەخنەیەک کە ئاراستەی دەکرێت، بەڵکو ئەو رەخنانەی هەستی پێ کردبێت و بە پێویستی زانی بێت، کاریگەری هەیە لەسەر روداوەکان، زۆر بەپەلە وەلامی داوەتەوە، کە دواییینی ئەو وەلامەی بوو بۆ چاودێرەکەی کوردستانی نوێ. بەلام هەموو کات خۆمان لە مهاتەراتی سیاسی و رەخنەی هەرزەکاران دورە پەرێز گرتوە سەرباری ئەوەی وشەکان هەست بریندارکەرو بێ ویژدانانەیە، کە چاک لەم بارەوە سیاسەتی ترۆکردنی لەگەل ئەم نوسینانە پەیرەو کردوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە بووە کە لە ئاست سەنگی شەونخونیەکانی ئەندامان و ناوەندمان نەزانیوە، ئەگەرنا باشترین و بوێرترین نوسەر لە هەندەرانا لەنێو چاکدا درێژە بەخەبات دەدەن. کەهیوادارم ئەم ڕیرەوەش دوای کۆنگرەش درێژەی هەبێت.

وە لەماوەی رابردودا بە پراکتیکی دەرکەوت لەنێو سەدان ڕێکخراو و پارتی سیاسیدا جگەلە چاک هیچ لایەنێکی سیاسی وڕیکخراوەیی، نەیتوانی ببێتە داکۆکیکەری راستەقینەی بنەمالەی قوربانیان لە ململانێ کردنیدا لەگەل دەسەلاتی کوردیدا، لە بواری داڵدەدانی تاوانباری ئەنفال لەلایەک و خزمەتنەکردنی بنەمالەی قوربانیان لەلایەکی ترەوە، بۆیە گرنگە چاک هەولبدات درێژە بدات بە هەلوێستە بوێریەکانی لەبەرامبەر دهسەلاتی کوردیدا، لەتەک ئەمەشدا خەبات ورسواکردنی داگیرکەرانی کوردستانیش کۆلەکەی سەرەکی خەباتی بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکێک لەو کێشانەی کە چاک پێوەی دەناڵێنێت پۆلێک لە ئەندامانیتی کە لێی دابڕاون، ئەمەش کێشەیەک و سەرلێشیوانێکی دروست کردوە بۆ خوێنەرانی لە ماڵپەرو ڕۆژنامەکاندا... کە ئەو پۆلە ئەندامە کۆنەی چاک هەلویستی وا دەردەبڕن لەگەل شۆڕشگێریەتی چاک زۆر دورە، یان ئامادەبونی ئەندامێکیان لە خۆپیشاندانێکی پارت و ڕیکخراوی ترا، وا بە خوێنەران نیشان دەدەن کە ئەوان کردویانە، بەمەش چاک شەرمەزار دەکەن. بۆیە گرنگە جیاکردنەوەیەک روبدات تاخەلک و لایەنە سیاسیەکان ئاستی سیاسی و جەماوەری ئەو برادەرانە لەکارو چالاکیەکانیان بناسن، دیارە بەرای بەندە بەهیچ شێوەیەک ناوی کورتکراوەی چاک ئەم گۆڕانکاریە نەگرێتەوە، چونکە ئەزمونی 2 مانگی رابردو پێشوتری ئەو برادەرانە کەلەگەلمان، هێچ گرنتیەک نیە کە سبەی جاک وەک ئێستا کەلە و مالپەرەی کە داگیریان کردوە رسوای نەکەن، کەلەبڕی کارو چالاکیدا بەس جوێننامەی تیا دەبێنی، یان بە هەلوێستە سازشکارەکانیان لەگەل دەسەلاتا سادو سەودایەکی پێ نەکەن وەک لەم دوو لینکەی خوارەوە دیارە. بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت ناوی چاک لەمێژوودا هەروەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بدرەوشێتەوە و ببێتە قوتابخانەیەک لە بوێری وکاری مەیدانی نەوەک مهاتەراتی سیاسی و سازشکاریدا..

http://www. nawandihalabja. com/ku/index. php?option=com_content&task=view&id=792&Itemid=9
http://www. nawandihalabja. com/ku/index. php?option=com_content&task=view&id=710&Itemid=9

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.